**وەزارەتی رۆشـنبـیـری**
**بەرێوەبەرایەتی گشتیی دیـوان**
**بەرێوەبەرایەتی یاســا**
**رێکـەوت : ٢٠٠٣/٥/١٨**

## رێنمایی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (٢٠٠٣)
## تـاییـەت بە مۆڵـەتی دەسـتفرۆشـیی گـۆڤـار و کتێب و رۆژنـامـەکان

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی مادده (٣)ی یاسای وەزارەتـی رۆشـنبیری هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (١١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو ، لـە پێنـاو بەرژەوەنـدیی گـشتی ، بڕیارماندا ئەم رێنماییە دەربکەین :

**یەکەم :** هەموو ئەو کەسانەی کاری دەستفرۆشیی گۆڤار و کتێب و رۆژنامـەکان دەکـەن ، دەبـێ مۆڵەتی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری پارێزگا وەربگرن.

**دووەم :** داواکاری مۆڵەت ، دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت :
أ. تەمەنی لە (١٨) ساڵان کەمتر نەبێت.
ب. خوێندنەوەو نووسین بزانێت.

**سێیەم :** مۆڵەتخواز دەبێ ئەم داواکاریانە جێبەجێ بکات :
أ. داواکارییەك پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری پارێزگا بکات.
ب. رەزامەندیی دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکان وەربگرێت.
ج. لەلایەن کتێبخانەیەکی مۆڵەتدراوەوە پشتگیری بکرێت.
د. دوو وێنەی تازەی رەنگاو رەنگ و ، پوولێکی دارایی (یەك دیناری) لەگەڵ بەڵگەنامەکانـدا پێشکەش بکات.

**چـوارەم :** مـاوەی مۆڵەتەکـە سـاڵێکە و ، بـەر لەتـەواوبوونی بـە مانگێـك داوای تازەکردنـەوەی دەکرێت.

**پێنجەم :** رەسمی مۆڵەت بەم شێوەیە دەبێت :
أ. بۆ جاری یەکەم :
ـ (٥٠) دینار رەسمی مۆڵەت.
ـ (١٠) دینار پارەی رەسمی پشکنین.
ب. بۆ تازەکردنەوە:
ـ (٣٠) دینار رەسمی مۆڵەت.
ـ (٥) دینار پارەی رەسمی پشکنین.

**شەشەم :**
أ. مۆڵەتدراو هەر کاتێك سەرپێچی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەت بکـات ، دوای ئـەوەی دوو جار بە رەسمی ئاگادار دەکرێت ، ئەگـەر لەسـەر سەرپێـچیەکانی هـەر بـەردەوام بـوو ،

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

مۆڵەتەكەی هەڵدەوەشێتەوە و ، تاوەكو ساڵێك لەم كـارە قەدەغـە دەكرێـت و ، مۆڵـەتی پێنادرێتەوە.

ب. ئەگەر دوای ئەو ماوەیە بەڵێنی ئەوە بدات ، كە پابەنـدی یاسـا و رێنامییـەكان دەبێـت ، دووبارە مۆڵەتی لە نوێوە پێدەدرێت.

**حەفتەم :** هەر كاتێك دەستفرۆشەكە بە رەسمی داوا بكات ، كە واز لە كارەكەی دێنێت ، یان ئەو كتێبخانەیـەی بـۆ مۆڵەتپێدانی پـشتگیری لێكـردووە بـە رەسمـی رابگەیـەنێت ، كـە پەیوەنـدی پێیەوە نەماوە ، دیسان مۆڵەتەكەی هەڵدەوەشێتەوە.

**هەشتەم :** دەزگا پەیوەندیدارەكان دەبێ بە ووردی ناوەرۆكی ئەم رێنماییە جێبەجێ بكەن.

**نۆیەم :** هەر رێنماییەكی دیكەی پێچەوانەی ئەم رێنماییە بێت و ، لە گەڵیدا نـاكۆك بێـت ، كـاری پێناكرێت.

**دەیــەم :** ئـەم رێناییـە لـە رۆژی بڵاوكردنـەوەی لـە رۆژنامـەی وەقـایعی كوردسـتاندا كـاری پـێ دەكرێت.

**محمــود محمد محمــود**
**وەزیـــــری رۆشـــــنبـیــری**

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com